# ئسوڵیەتە هاوچەرخەکەی رۆژئاوا.. . ڕەخنەکردنی بەجیهانیکردن ونوێگەری

هاشم صالح

و: کامیل قەرەداغی

*ڕەنگە هەندێ کەس ئەوەی بەلاوە سەیربێت کە من ناتۆرەی ئسوڵیەت لە رۆژئاوا دەنێم، رۆژئاوایەك کە هیچ نەبێ سێسەدە دەبێ لەدژی داخرانی لاهوتیی فەڵەیی دەستی بەشەڕکردوە، بەڵام لەوانەیە ئەو مەبەستەم لەکۆتایی ئەم وتارەدا روون ببێتەوە. بەڕاستی من خۆم بەناچار دەبینم کە دەبێ بەیەکجارو لەچەند لایەکەوە بچمە گۆڕەپانی شەڕی هزرییەوە، ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بەخۆمانەوە هەبێ، داوا دەکەم بەبەردبوونەکەی ئاوەزمان هەڵبوەشێنین و هزری عەرەبی و ئیسلامی بەڕوی ئاسۆکانی نوێگەریو رۆشنگەریدا بکەینەوە. ئەمە کرانەوەیەکە کە سودی گشتیی گەلی ئێمەو گەلانی ئیسلامی تێدا دەبێ، لەبەر ئەم هۆیە کاتێکی زۆرم لەوەدا بەسەربرد ئەزمونی ڕۆشنگەریی ئەوروپایی لەسەر ڕوپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە(مەبەستی لە رۆژنامەی "الشرق الأوسگ"ە) ڕونبکەمەوە، وتومە ئەم ڕۆشنگەرییە لەهەندێکی ڕوەکانیەوە قەرزاربارى فەیلەسوفە عەرەب و موسوڵمانەکانە، لەو کاتەدا کە ئێمە زانستو فەلسەفەو شارستانیمان هەبوە، بۆیە کاتێکیش کە باس دێتە سەر رۆژئاوای هاوچەرخ و قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی ئەو بەسەر چارەنوسەکانی جیهان لەڕوی ئابوری و سیاسی و سەربازیو تەکنەلۆژییەوە، ئەوا منیش هەر ئەوەم پێدەکرێ لەلایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم قەڵەمڕەوە ئاگایی بدەم، هەر ئەوەندەشم لەدەست دێت کەبەشێوەیەکی تایبەتی ئاماژە بەو ئاکامە بدەم کە چارەنوسی نوێگەریی پێگەیشتوە. من زۆرجار بەئاراستەی پێچەوانەدا پەرگیریم کردوە واتە بەئاراستەی رزگاربون لەهەمو بەهاو کۆککارەکان پرۆژەکەی نوێگەری لەسەرەتاوە ئازادیبەخش و ئەومێدبەخش بو، بەڵام دواجار بو بەجۆرێك لەئایدۆلۆژیایی سەرکوتکار، یان ئسوڵیەتی وشك، کەگفتوگۆ قبوڵ ناکات. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە من لایەنە پۆزەتیڤەکانی مۆدێرنە (نوێگەری)ی هاوچەرخ گوێ پێنەدەم، یان من داوای ئەوە بکەم بگەڕێینەوە بەرەودواوە، بەڵکو تەنها داوای ڕەخنەکردن و لەبێژنگدانی نوێگەری دەکەم بۆ ئەوەی مرۆڤانەترو دادپەروەرانەتر بێت، لە ڕاستیشدا چەند بیریارێکی گەورەی رۆژئاوایی وەکو (ئالان تورین،و یورگن هابرماز،و بەیار بۆردیوی زانای سۆسیۆلۆژیستی فەرەنسیی کۆچکردوش) هەروا دەکەن، زانا ئاینیەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاواش داوای ئەوە دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی تر.. ئێستە پرسیار لەسەر ئەم مەسەلەیە بەمشێوەیەیە: چۆن نوێگەری وەرچەرخاوەو بوە بەئایدۆلۆژیایەکی سەرکوتکار، یان تەنانەت بوە بەئسوڵیەتێکی ڕەهایی کە دەیەوێ بەبێ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکرێ، خۆی بەسەر جیهانیدا بسەپێنێ؟

بەمانایەکی تر، چۆن پرۆژەی ڕۆشنگەریو مۆدێرنە لەدژی خۆی هەڵگەڕاوەتەوەو کەی هەڵگەڕاوەتەوە؟ بێگومان من ناتوانم لە وتارێکدا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، لەچەند وتارێکیشدا ئەوەناکرێ. بەڵام هێندە بەسە کە ئاماژە بەهێڵە گشتیەکان بدەین.

ئەوە روونە کە ئەو لیبرالیزمە پەرگیرە، یان نوێیە کە ئەمڕۆ لە ڕێگەی (بەجیهانیکردن)ەوە مرۆڤایەتیی کۆنترۆڵکردوە لەسەردەمی (ڕیگان و تاچەر)ەوە گەشتۆتە لوتکەو بەرجەستەی سەختترین و لەخۆباییترین سەرمایەداری دەکات و ڕەقترین ڕقی لەهەستە مرۆڤایەتییەکانە.

ئەگەرچی حزبە سۆشیال دیموکراتەکان بەرەنگارییەکی زۆری ئەم ئایدۆلۆژیایانەیان کرد، کە رۆژئاوای گرتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا ملیان بۆ کەچ کرد، دەڵێن (بیار بۆردیۆ) بە دە ڕۆژ پێش مردنەکەی لە نەخۆشخانەدا ئیدانەی (ژۆسپان)و حزبی سۆشیالیستی فەرەنسەی کردوە، لەبەرئەوەی لەپێناوی مانەوەی خۆی

لەدەسەڵاتدا ناپاکیی لە پرەنسیپەکانی خۆی کردوە، چونکە هەرچەند کۆمپانیاکان‌و خاوەنکارە بزنسمانەکان دەوڵەمەند ببن، ئەوندە توێژە هەژارەکان لەکۆمەڵگەی فەرەنسیدا هەژارتر دەبن، ئەوان ئێستە لەهەڵمەتی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکاندا پێ لەسەر مەسەلەی دابینکردنی ئاسایشی ناوشارەکان‌و شەقامەکان دادەگرن. ئێستە هەریەکە لە(شیراك‌و ژۆسپان) لەگەڵاڵەکردنی پرۆژەکانی سەرکوتکاریدا کێبەرکێ دەکەن،و هەریەکەیان لەپلاندانانادا بۆ سیاسەتی توندڕەوانەی ئاینده کێبەرکێی ئەویتریان دەکات.

راستە (ژۆسپان) هەندێجار ئاماژە بەلایەنی کۆمەڵایەتیی گرفتەکە دەدات‌و دەڵێ دیاردەی بێکاری لەناو ئەو کرێکارانەدا کە ڕویان لەڕۆژئاوا کردوەو لەناوجالیەی عەرەبی‌و ئەفریقیە کۆچکردوەکاندا زۆر بڵاوەو ئەمەش هۆ سەرەکیەکەی بڵاوبونەوەی تاوانکارییە لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا، بەڵام تا ئێستا بۆ گۆڕینی ڕەوشی دیفاکتۆی ئەم جالیە هەژارانەی کەلەکەنارەکاندا نیشتەجێن شتێکی نەکردوە شایانی باس بێت. گومان لەوەدانیە لەمڕووەوە چەپەکان لەڕاستەکان باشترن، بەڵام لەم دواییانەدا ئەوەندە لێك نزیکبونەوە لە نێوانیاندا ڕویداوە کە ئیتر هاوڵاتیی فەرەنسی نەزانێت چۆن لەیەکیان جیابکاتەوە! تاکار گەشتە ئەوەی خەڵك بڵێن دەنگدان بەشیراك، یان ژۆسپان هەریەك شتە. باشە چی ڕویداوە تا بەو شێوەیە ئایدیۆلۆژیای لیبراڵیی نوێ (یان سەرمایەداریی نوێ) زاڵبوە بەسەر هەمواندا؟ بۆچی حزبە سۆشیال دیموکراسەکان، واتە حزبەکانی (بلێرو شرۆیدەرو ژۆسپان) دەستیان لەکارکێشایەوەو بوون بەوێنەیەکی پاڵفتەکراوی سەرمایەداری؟ لەڕاستیدا لەپاش هەرەسی کۆمۆنیزمەوە ڕۆژوا تائاستی لەخۆبایبون متمانەی بەخۆی‌و ئایدۆلۆژیاکەی پەیداکردوە. تیۆرە ئایدیۆلۆژییەکەی لیبراڵ دیموکراتیش (کە خۆی وەك ئایدۆلۆژیا ناناسێنێ) بوە بەڕاستییەکی ڕەهاو نیمچە پیرۆز. کەواتە دەبێ بەسەر هەمو گەلانی سەرزەویدا گشتگیر بکرێ, چونکە جگە لەو شتێکی دیکە لەئارادا نیە.. کەواتە ئایا مێژو بەئەو، یان بەسەرکەوتنی ئەو کۆتایی نەهاتوە؟

ئایا پرەنسیپەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە چین کە ئێستە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوای گرتۆتەوە؟

یەکەم شت بریتیە لە پیرۆزکردنی یاساکانی بازاڕو بەرنەکەوتنیان بەو بیانوەی ئەوانە یاساگەلێکی زانستین ئەگەر لەیەك کاتدا دەوڵەمەندیی دڕان و هەژاریی کوشندەش دروست بکەن، ئەمجا پەرستنی پارەو سەرمایەو ڕقبونەوە لەهەر مرۆڤێکی هەژار، لەبەرئەوەی کەنەیزانیوە چۆن کاری خۆی چێبکات وبەهەرشێوەیەك بێت دەوڵەمەند ببێ. ئەوە یەکەمجارە پارە لەکۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا بەهایەکی ئەرێی پۆزەتیڤ وەردەگرێ، لەبەرئەوەی پێشتر لەلایەن ئەو بەها ئاینیانەوە کەبەزۆری بەلای هەژاریدان ئیدانەکراوە. تەنانەت (ماکس ڤێبەر)یش، ئەو زانا کۆمەڵناسە ناودارە کەبەوە تۆمەتبارکراوە سەرمایەداری پیرۆزدەکات، هەرگیز لەکتێبەکانیدا بەچاکەی پارەدا هەڵی نەداوە، هەروەها بەدەست بڵاوی و چڵێسیی خەرجکردن،و بەو دەوڵەمەندییەی نەوتوە باشە کەبەهەرشێوەیەك بێت دەبێ تائاستی دڕان خۆی دەوڵەمەند بکات، هەروەها باسی باشەی ئەوەشی نەکردوە کە ملیۆنان بەبێ‌هۆ خەرج بکرێ, بەپێچەوانەوە ئەو دەیوت کە ڕووحی سەرمایەداری لەگیری‌و دەستگرتنەوەو کارکردن‌و هەوڵدان‌و بەئاکام گەیاندنی ئەرکەکاندایە.بەڵام ئەو باسی سەرمایەداریی قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرمایەداریی دەکرد،واتە ئەو کاتەی کە هێشتا ماناو بەهایەکی تێدامابوو. لەوێدا سەرمایەداریی ڕەسەن ئەوکاتە زۆر دڵخۆش دەبوو کە هەستی دەکرد ئەرکەکانی سەرشانیی ئەنجامداوە. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا (مۆرگان)ی پیشەسازو سەرمایەداری گەورەی ئەمریکا کە پیاوێکی موتەوازع بو، و لەقازانجکردنیشدا لێبوردەو بەڕێزبو دەیگوت:- پێویست ناکات بەڕێوەبەری هیچ کۆمپانیایەك لەکۆمپانیاکانی "بەخۆشیەوە" موچەکەی لەبیست ئەوەندەی موچەی

کرێکارەکەی پتربێت، مانای ئەگەر بۆ نمونە کرێکارەکە لە مانگێکدا هەزار دۆلاری دەست بکەوێ، پێویستە دەستکەوتی خاوەنکارەکە لەبیست هەزار دۆلار تێنەپەڕێ.. بەڵام ئێستە بەراوردەکان چۆنن؟ ئایا سەرمایەداریی هاوچەرخ بەوە قایل دەبێ کەسەرمایەدارەکانی پێش خۆی پێی قایل دەبون؟ ئەو ئامارە متمانە دارانەی کە (دێریك بووك)ی سەرۆکی پێشوی زانکۆی (هارفارد) پێشکەشی کردون دەڵێن موچەی خاوەن کارێك لەشەستەکاندا چل‌و سێ‌هێندەی موچەی کرێکارێك بوە، پاشان لەنەوەدەکاندا موچەکەی خاوەنکار بازێکی گەورەی داوەو بوە بەسەدو چل‌و سێ ئەوەندەی موچەی کرێکارێك، بامەسەلەکان ڕونتر بکەینەوە: کاك ( پییێر سیوار) بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گرنگی فەرەنسیە، موچەکەی لەم دواییانەدا گەشت بە سەدو پەنجا هەزار دۆلار بۆ یەك مانگ، کەچی کرێکارێکی لای ئەو لەمانگەکەدا لەهەزار دۆلار بۆ هەزارو پێنجسەد دۆلار پتر وەرناگرێ؟ ئایا ئەمە شارستانیەتێکی مرۆڤایەتییە؟ داهاتی بەڕێوەبەری کۆمپانیای ناوداری یاریی منالآن لەکەناری پاریس (والت دیزنی) لەساڵی (1993)دا یەك ملیار فرەنکی فەرەنسی بوە، کە دەکاتە نزیکەی دووسەدملیۆن دۆلار.. بەڵام داهاتی (جۆرج سۆرۆس)ی گەورە زەمکاری ناوبازاڕی بۆرسە جیهانییەکان لەهەمان ئەوساڵەدا یەك ملیار دۆلار بوە، ئەمەش داهاتێکی پێوانەییەو هێندەی بودجەی دەوڵەتێکی تەواوی وەك (چاد) دەبێ.

**بۆل7**

**سەرچاوە / الشرق الأوسط 2002/3/15**